**سیاسەت، کیاسەت و کورد!**

پاش سازکردنەوەی حزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کەسانی وەک غەنی بلووریان، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی محەممەد و هەواڵانی، سیاسەتی ئیلیتی کورد، کرایە ئێرانی و تەنانەت لە نێوان ساڵانی ١٣٢٩ هەتا ٣٢ بەرنامە و پرۆگرامی حزبی توودە لە لایەن ئەندامانی حزبی دێموکراتەوە پەیڕەو دەکرا و گۆوار و ڕۆژنامەکانی ئەوان لە سابڵاخ دەفرۆشراو و بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلەمانی تاران، تەبلیغات بۆ نوێنەری حزبی توودە دەکرا و حزبی دێموکرات خۆی کاندیدای نەبوو.
سیاسەتی ئێرانیچییەتی دواتر لە ڕێگای عەبدولڕەحمانی قاسملووەوە، کە لە سەرەتادا مودەڕرسی ڕابەرایەتی ئەو کاتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، پەیڕەو کرا و بوو بە بەرنامەی ڕەسمی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی لە درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستاندا نوواند و بەم چەشنە، خەتی سیاسی و فیکریی کۆمەڵەی ژ.ك کە خۆی لە سازدانی کۆماری کوردستاندا دەرخست، گۆڕدرا بۆ خەتی حزبی توودە کە ئەویش ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی لەنین- ئیستالین بوو کە لە کتێبێکدا بە ناوی "استالین و مسئله ملی" تئۆریزە کراوە و هەر ئەو کتێبەش لە ساڵی ١٣٥٨ بوو بە بنەمای داڕشتنی بەرنامەی "خودموختاری بە دەستی شۆڕاکان"ی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

ئەم کورتە ئاوڕدانەوەیە دەبێ ئەوە دەربخات کە "نوخبەکانی کورد" هی هەموو سەردەمەکان، خۆیان دەوری سەرەکیان گێڕاوە لە مەڕ سیاسەت. بەر لە کۆماری کوردستان و پاش هاتنە سەرکاری ڕەزاشا و دواتر محەممەد ڕەزاشا، ئەوە هەر "نوخبەکانی کورد" بوون کە تئۆریزەی فەرهەنگ و ناسنامەی ئێرانی و کوردیان دەکرد و لە ڕێگای کتێبەکانیانەوە، کورد و زمانی کوردیان بە شارستانیەت و ناسنامەی فارس و ئێرانییەوە گرێ دەدا.

کە وایە ئەوەی کە لە چل ساڵی ڕابووردو بە نیسبەتی حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە، ڕووی داوە و کورد پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ ئازار و بێ مافی، دەنگی ٦٠ و ٧٠ لە سەدەی بە سەرکوتکەرانی خۆیان دەدەن، نە بێ زەمینەیە و نە سەیر. ئەو خەڵکە کە یەک دەست نییە، زیاتر لە سەت ساڵە هەناسە هەڵکێشان و ژیانی ڕۆژانەیان گرێدراوی سیاسەت لە تارانە، نەک لە شوێنێکی تر! لایەنەکانی سیاسی و ڕێکخراوەکان و سیاسەتوان و هونەرمەند و بیرمەندانی کورد، توانای ئەوەیان لەخۆ نیشان نەداوە ئاڵترناتیوێکی جیاواز بخەنە بەر دەست و دەمی خەڵک، کە هیوا و ئومێد لەوان و لەمنداڵەکانیادا بۆ ژیانی ئێستا و داهاتوو، پێک بهێنێ. سەرجەم ئیلیتی کورد کە هەموو ناساز لە گەڵ یەک و پەڕەواز و دردۆنگ لە یەک و داپچڕاو لە یەکن، بێ توانایی خۆیان سەلماندووە، کە گەر لە گەڵ ڕژیمەکانی تاران و ئانکارا و بەغدا و شام نەبن، ئەوە لە گەڵ یەکتریش نیین.

ڕوونە ئیلیتێکی وا پرژ وبڵاو و دژ بەیەک، ناتوانن میللەتێکی هاوڕا و هاودەنگ و هاومەبەست و هاوئامانجیان هەبێ، لەم بەتاڵییەدا ئەردۆغان و ڕووحانی و تەنانەت عبادی و بەشار ئەسەد، دەتوانن کورد بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، لە بەر ئەوەی لە کەمترین حاڵەتدا چەند شت دەدەن بەو خەڵکانە وەک پێداویستی ژیان، داهاتوو و هێمنی. حزبەکان لە حاڵی حازردا باشترین شتیان بۆ خەڵک وعدەیە، تەنانەت باوەڕی زۆر لە ئەندامانی خۆشیان لە دەست داوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ حزب و دەستە و گرووپێک بەدی ناکرێ، بەرنامەی سیاسی لە چوارچێوەی ئێراندا نەبێ، ئەم بەرنامەیە کە گوترا لە سەرەتاوە تەعامی ئاشپەزخانەی حزبی توودە بوو، لە سەردەمی محەممەد ڕەزاشادا نە تەنیا بەری نەدا بەڵکوو ئەوانەی کە داخوازی ئەم بەرنامەیە بوون، هەتا کۆتای حکوومەتی پەهلەوی یان لە زیندان بوون، یان وەک ئێستا لە عێراق و باشووری کوردستان. ئەم بەرنامەیە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا بەر نادا و خوازیارانی خودموختاری، فیدرالیسم یان لە زیندانن، یان لە باشووری کوردستان و یان بە هەموو جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. کە وایە بەر لەوەی بە سەر تاران و ئانکارادا بروخێین، با وڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە بەرهەمی سیاسەتی حەفتا ساڵەی حزبی توودەی ئێران کە بە کوردی بە خەڵک فرۆشراوە چی بووە؟
ئایا دوورنمایەک بۆ گەیشتن بە خودموختاری، فیدرالیسم، کۆنفیدرالیسم لە ئێران بۆ کورد و ئەوانی تر هەیە؟ گەر هەیە دەبێ فرۆشیارانی ئەم ئیدەیە،بۆ خۆیان و خەڵکی ڕوون کەنەوە. ئەوەش دەبێ بزانرێ گەر خەڵکی وڵاتێک باوەڕ بە سیاسەتێک بهێنن کە ژیان و داهاتووی پڕ لە هێمنی و بەرژەوەندیان دەپارێزێ، وەشوێنی دەکەوەن. حزبەکان و ئیلیتی کورد نەیانتوانیوە باوەڕێکی لەو چەشنە لە خەڵک و تەنانەت لە خۆیاندا بەدی بهێنن. یەکەم هەنگاوی هەر کام لە ئێمە ئەوەیە وڵامی ئەو پرسیارانە بدینەوە و بە شوێن دوژمنی خەیاڵیدا نەگەڕیین، گەر کراسەکەی بەرمان چلکنە، بیگرییینە سەر دەست با هەم خۆمان بیبینیین هەم خەڵکەکەمان!
برایم فەڕشی
٢٠١٧/٥/٢١